

# دواساتەکانی ژیانی ڕۆزا لۆکسبۆرگ و کارل لیبکنخت

وەرگێران و ئامادەکردنی بۆ عەرەبی:سەعدی یوسف
لەعەرەبییەوە:سەلاح سەعید ئەمین



**نهێنی**

نوسخەی ژمارە (٤١) تشرینی یەکەمی (١٩٤٥)
ژمارە (٢٠٥) سی سی
لەجێگری سەرۆکی کۆمیسیارانی گەلەوە لەیەکێتی کۆمارە سۆشیالستەکانی سۆڤێتەوە
بۆ هاوریێ ف. م. مۆلۆتۆڤ
زانیارییەکانی داواکاری سەربازی بەرلین – ت بۆ دەنێرم دەربارەی دەستگیرکردن و ئیفادی یەکێك لەبەشداربوانی کوشتنی ڕۆزا لۆکسمبۆرگ
ك. گورشنین
داواکاری سەربازی بەرلین
(١٣)ئەیلولی (١٩٤٥)

**نهێنی**

بۆ داواکاری گشتی سەربازی سوپای سور لیوای مافپەروەر هاوریێ ن. ب. ئەفاناسییڤ.

لە(١٣) حوزەیرانی (١٩٤٥) لەبەرلین، گروپی چالاکیەکانی نکفیدا یەکێك لەبەشداربوانی کوشتنی ڕۆزا لۆکسمبۆرگ یان دەستگیرکرد- ئۆتۆ ڕەنجە ( هەندی بەڵگەی پێیە بەناوی ردوڵف ولهم) لەدایك بووی (١٨٧٥)، هەڵگری ڕەگەزنامەی ئەڵمانیە، هەتا هەشت ساڵان خوێندویەتی و لەساڵی (١٩٣٣) وە بووەتە ئەندامی پارتی نازییەکان، لەبەرلین نیشتەجێیەو لەساڵی (١٩٤١) وە خانەنشینە و لەهیچ شوێنێك کارناکات.

لێکۆڵینەوەکان ئەمانەیان سەلماندوە:

بەو پێیەی جێگری ئەفسەربوە لەگروپی خەییالە، بەفەرمانی فەرماندەیی کەتیبەکەی لە (١٣) ی کانونی دووەمی (١٩١٩) دا لەگەڵ (١٥) سەربازی تری کەتیبەکەیدا نێردراوە بۆ ئوتێل ئەدیەن (بەرلین، نومبر گشتراسە، ژمارە (٣٠)، لە(١٥) کانوندا بابست – رائید لەئەرکانی کەتیبە، فەرماندەکات بە رونجە لەگەڵ سەربازێکی تردا، دراجەر، پاسەوانێتی دەروازەی سەرەکی ئوتێل ئەدیەن وەربگرن، لەکاتژمێر (١٨:٠٠) بەدواوە (بەکاتی بەرلین) تا کاتژمێر (٢٠:٠٠)، رونجەو دراجەر ئاڵوگۆر بەپاسەوانێتیەکە ناکەن و لەشوێنەکەی خۆیان بەفەرمانی لیوا هۆڤمان دەمێننەوە. لەکاتژمێر (٢٠:٤٥) ئۆتۆمبیلێك لەدەروازەی سەرەکی ئوتێل ئەدیەن وەستا، چوار ئەفسەرو ڕۆزا لۆکسمبۆرگی گواستەوە، ئەفسەرەکان ڕۆزا لۆکسمبۆرگ یان برد بۆ بارەگای کەتیبە، دوای نزیك بە (٢٠)دەقیقە ئۆتۆمبێلی دووەم بەهانشێوە لەدەروازەی سەرەکی ئوتێل ئەدیەن وەستا، سێ ئەفسەر کارل لیبکنخت – ی گواستەوە بۆ بارەگای کەتیبە، لەم کاتەدا خەڵك بەدەستگیرکردنی کارل لیبکنخت و ڕۆزا لۆکسمبۆرگ یان زانی و دەستیانکرد بەکۆبوونەوە لەنزیك ئوتێل ئەدیەن.

دوای بردنی. لیبکنخت و. لۆکسمبۆرگ بۆ بارەگاکە، ف. هارتۆنگ – ی رائید لەرونجە نزیك بوویەوەو لێی پرسی: ئەو پیاو و ژنە دەناسێت کە جلوبەرگی مەدەنییان لەبەردایە، رونجە وەڵامیدایەوە کە ئەو نایانناسێت، ئەو کات ف. هارتۆنگ وەڵامیدایەوە کە ئەو دوانە کارل لیبکنخت و ڕۆزا لۆکسمبۆرگن



کارل لیبکخنت

و دوو شۆشگێری خراپەکارن و لەگروپی مافیاکانن، و دەیانەوێت دەست بە سەر دەسەڵاتدا بگرن، پاشان ف. هارتۆنگ فەرمانیدا بە رونجە کە دەبێت هەردووکیان بە گوللە بکوژێت، ئەو کاتەی کە لە ئوتێل دەردەچن. وادیار بوو کە رونجە ئەوەی رەتکردوەتەوە بەو هەنجەتەی کەژمارەیەکی زۆر لەخەڵک کۆبوونەتەوە و ئەو دەترسێت ئەوەی کەئامانجەکە بەوردی بپێکێت، ف. هارتۆنگ چووە بارەگاکەو بابست رائید چووە دەرەوە: فەرمانیکرد بە رونجە بەکوشتنی ل. لیبکنخت و. لۆکسمبۆرگ، رونجە قبوڵیکرد، دوای رۆیشتنی بابست کارنایس –ی مولازم چووە دەرەوەو وتی بە رونجە، ئەگەر فەرمانەکە جێ بەجێ نەکات، ئەوا بەکوشتن ئیعدام دەکرێت، کارنایس چووە بارەگاکەوە و رونجە و دراجەر بەتەنها لەخاڵی پاسەوانێتیەکەدا بەجێهێڵدران، دراجەر بە رونجەی وت: ئەگەر فەرمانەکە جێ بەجێ نەکەیت، ئەوا بەم حەربەیە ل. لیبکنخت و ر. لۆکسمبۆرگ دەکوژم، رونجە وەڵامیدایەوە، بەوەی فەرمانەکە دەرچووەو جێ بەجێی دەکات.

دوای چەند دەقیقەیەك بەڕێوەبەری ئوتێلەکە (کەناوەکەی جێگیر نەکراوە) لەدەروازەی سەرەکییەوە لەلای راستەوە چووە دەرەوە، رۆزا لۆکسمبۆرگیش لای ناوەراستەوە بوو، لەلای چەپیشەوە مولازم فوگڵ بوو کەپاڵی بە رۆزا لۆکسمبۆرگەوە نا بۆ دەرەوەی ئوتێلەکە، بەرەو رونجەی پاسەوان کە ئامادەی کوشتنی بوو، بەچەکەکەی شان و رووی لای چەپیکردە ئامانج و خستیە زەوییەوە، بەڵام هێشتا لەژیاندا مابوو، لەم کاتەدا چوار سەرباز لەگەڵ فوگڵی مولازم لەئوتێلەکە دەرچوون و رۆزا لۆکسمبۆرگیان راکێشایە ناو ئەو ئۆتۆمبێلەی کە لە ئوتێلەکە ئامادەیانکردبوو، فوگڵ دەمانچەکەی دەرهێناو لەهەمانشوێندا گوللە نابەسەری رۆزاوەو ئۆتۆمبێلەکە دوورکەوتەوەو تەرمی رۆزاشی لەگەڵ خۆی برد.

دوای ئەوە، ف. هارتۆنگ ی رائید و براکەی، رسسن-ی مولازمی دوو، مولازمی بەلاّم (کەناوەکەی لەبەڵگەنامە ئەسڵیەکاندا روون نییە)، شوڵتزی مولازم، لیبمانی مولازم، فریدریشی سەرباز لەنێوانیاندا کارل لیبکخنت هەبوو. کەخستیانە ناو ئەو ئۆتۆمبێلەوە، کەلەلایەکی رێگاکەوە وەستابوو، دوای ماوەیەك کروڵی مولازم هات بۆ لای رونجە، کەلەخاڵی پاسەوانیدابوو، فەرمانی پێکرد بەخێرای بڕوات بۆقاتی دووەمی ئوتێلەکە. ولهلم بیك – سەرنوسەری رۆژنامەی رووتە فاهنە –ی شیوعی کوشت.

کرول رونجەی گەیاندە قاتی دووەم، ولهلم بیك لەساڵۆنەکەدا وەستابوو فەرمانیکرد رونجە بەگوللە بیکوژێت، رونجە و بیك بەتەنها لەساڵۆنەکەدا مانەوە، بیك ئاوریدایەوە لە رونجەو پێیوت: تەقەم لێ مەکە، شتێکم لایە دەمەوێت بیگەیەنمە فەرماندەکەت، دوای ئەوە رونجە بیك – ی برد بۆ لای بابست –ی رائید دوای چەند دەقیقەیەکی کەم، فەرمانکرا بەبردنی بیك بۆ نوسینگەی فەرماندە، نزیك کاتژمێر بە (٢٢:٣٠)بو مولازم فوگڵ هات بۆ بارەگاکەو رایگەیاند کەئەوان رێیان کەوتوە لەتەرمی رۆزا لۆکسمبۆرگ لەروباری سبری.

ئۆتۆمبێلی دووەم نزیك بەکاتژمێر (٢٣:٠٠)گەرایەوە لەگەڵ ئەو ئەفسەرانەی کە کارل لیبکنختیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو، وتیان کە ئەوان کارل لیبکنخت یان لەو رێگەیە دۆزیوەتەوە، کەبەرە و باخچەی گیانداران دەڕوات، ئەوان خۆیان ئۆتۆمبێلەکەیان لەکارخستبوو وەستاندبوویان و لێی دابەزیبون، و مولازم شۆڵتز لەئۆتۆمبیلەکە هاتبوە خوارەوە، پاشان گوللەی بە کارل لیبکنختەوە نابوو، باڵی خۆیشی بریندار کردبوو، گوایە لیبکنخت هەولێ هەڵهاتنی داوەو ئەمی بریندارکردوە.

**سەرچاوە:**


– ئەرشیفی نوسەرە مارکسیەکان، Marxist Writers Archives
– س.ی لەندەن ٢٠٠٥/٥/٥
www.ahewar.org



ئاپۆیا
گۆڤارێکی فکرییە دوومانگ جارێک دەردەچێت
ژمارە(٣٨)
نیسانی ٢٠١٣ ساڵی نۆیەم